اللهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ زَوَالِ نِعْمَتِكَ، وَتَحَوُّلِ عَافِيَتِكَ، وَفُجَاءَةِ نِقْمَتِكَ، وَجَمِيعِ سَخَطِكَ

له عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە یەکێك لە نزاکانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەوە بوو دەیفەرموو: «اللهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ زَوَالِ نِعْمَتِكَ، وَتَحَوُّلِ عَافِيَتِكَ، وَفُجَاءَةِ نِقْمَتِكَ، وَجَمِيعِ سَخَطِكَ»، واتە: «خودایە پەنات پێدەگرم: لە نەمانی نیعمەتەکانت لەسەرم، ولە نەمانی لەش ساغیم، و لەناکاوی سزاکانت، ولە هەموو تووڕەییەکت».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پەنای بە خوای گەورە دەگرت لە چوار شت: یەکەم: (اللهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ زَوَالِ نِعْمَتِكَ:خودایە پەنات پێدەگرم: لە نەمانی نیعمەتەکانت لەسەرم)؛ ئاینی ودونیاییەکان ودامەزراو بم لەسەر ئیسلام، ودوورم بم لە تووشبوون بە گوناهەکان کە هۆکارن بۆ نەمانی نیعمەتەکان. دووەم: (وَتَحَوُّلِ عَافِيَتِكَ:ولە نەمانی لەش ساغیم)؛ خودایە پەنات پێدەگرم لەوەی ئەم لەش ساغیەم بگۆڕێت بۆ بەڵا وناڕەحەتی؛ بۆیە داوای بەردەوامی عافیەت وسەلامەتیت لێدەکەم لە هەموو ئازار ونەخۆشییەکان. سێیەم: (وَفُجَاءَةِ نِقْمَتِكَ:و لەناکاوی سزاکانت)؛ پەنات پێدەگرم لە بەڵا وکارەسات، چونکە تۆڵەسەندنەوە وسزا ئەگەر لەناکاو بێن ئەوا کات نامێنێت بۆ تەوبەکردن وئەنجامدانی کردەوەی چاك، وئەوەی تووشی ئەم جۆرە سزایە دەبێت تووشی گەورەترین وسەختترین سزا بووە. چوارەم: (وَجَمِيعِ سَخَطِكَ:ولە هەموو تووڕەییەکت)؛ وپەنات پێدەگرم لە هۆکارەکانی تووڕەبوونت؛ چونکە ئەو کەسەی تۆ لێی تووڕە بیت ئەوا سەرشۆڕ ودۆراوە. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕستەیەکی گشتگیری بەکارهێنا؛ کە هەموو هۆکارەکانی تووڕەیی خودایی لەخۆگرتووە -سبحانه وتعالى- لە قسە وکردەوە وبیروباوەڕەکان.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5488